ڕاپۆرتی

# بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ
(٢٠٢١-٢٠٢٥)

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## پێرست

پێشەکی........ 4
پێناسەی ماددەی هۆشبەر........ 4
ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان........ 5
یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان........ 5

دیارترین جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان : 5
ئەو ماددە هۆشبەرانەی کە لە هەرێم زیاتر بەکاردەهێنرێن 6
شێوازەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان 7
ماددە هۆشبەرەکان لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە 7
هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێم 7
ئاماری تۆمەتبارانی دەستگیرکراوی ماددە هۆشبەرەکان لە ماوەی ساڵانی پێشوو 8
بڕ و جۆری ئەو ماددە هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بەپێی ساڵەکان ٢٠٢٠ – ٢٠٢٢ 8
ئاماری ئاسایشی گشتی لە کانونی دووەمی تا نیسانی ٢٠٢٣ 10
ئاماری ڕاگیراوی دەزگای ئاسایش و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لە کانوونی دووەم تا ئابی ٢٠٢٣ 11
ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون لە مانگی کانوونی دووەمی تا کۆتایی ئابی ٢٠٢٣ 11
بڕی ماددە هۆشبەرەکان کە دەستیان بەسەردا گیراوە لە مانگی کانوونی دووەم تا کۆتایی ئابی ٢٠٢٣ 11
بەراوردکردنی ڕێژەی کەم و زیاد کردنی داواکاری لەسەرجۆری ماددەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣ 12
تێچووی سزادراو و ڕاگیراوانی ماددە هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا 12
ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون 13
نرخی ماددەی هۆشبەر و دەرمانە کارتێکەرە عەقڵیەکان بۆ هەر گرامێک لە هەرێمی کوردستان 14
رێکارەکان و چۆنیەتی لە ناوبردنی ئەو بڕە ماددە هۆشبەرانەی کە دەستی بەسەردادەگیرێت 14
ڕۆڵی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم 14
سەنتەری شیاندنەوەو چارەسەری تووشبووانی ماددەی هۆشبەر 15
هۆشیار کردنەوە لە ماددە هۆشبەرەکان 16
ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان 16
ڕێنمایی ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان - عێراق 16
ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١ – ٢٠٢٥) 17
ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکانی تایبەت بە پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان 18

ڕێکاری پێویست بۆ خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ........................................................................................................................ 18

## پێشەکی

مادده هۆشبەرەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر بواری ئەمنی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئابووری، پەروەردەیی و گشت بوارەکانی تر هەیە و بە یەکێک لە مەترسیدارترین دیاردەکان دادەنرێت کە لەم سەردەمەدا بڵاوبووەتەوە بەتایبەتی لە نێوان گەنجان ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە لە گەیاندنی زیانی جەستەیی و دەروونی بە مرۆڤ، ئەمە جگە لە وێرانکردنی کۆمەڵگاکان.

مەترسییەکان ماددەی هۆشبەر هیچی لە زیانەکانی تیرۆر کەمتر نییە، ڕاپۆرتەکانی دەستەی نێودەوڵەتی چاودێریکردنی ماددەی هۆشبەر دووپاتی دەکەنەوە، بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافی و ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئابووری و ناجێگیری میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەیان، لە عێراقدا مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەسەر ئاستێکی فراواندا بڵاوبۆتەوە و بۆتە دیاردە، هۆکارەکانیش لەم رووەوە زۆرن لەوانە بێکاری، ، ئاستی نزمی خوێندن، جیاوازی چینایەتی و خەمۆکی.

زۆربەی کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان بەر کاریگەری بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کەوتوون، هەرێمی کوردستانیش لەم پەتایە پارێزراو نەبووە بەتایبەتی لە نێو چینی گەنجان و دوور نییە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەم کارە دژی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (1)ی ساڵی 2020ی دەرچووە و لە رێکەوتی 2021/6/22 لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان پێکهێنرا، هەروەها ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەرچووە بۆ دامەزراندنی سندوقێک بە ناوی سندوقی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان.

ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچوونە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان، بەردەستخستنی داتا و زانیارییەکانی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم، و خێراتر کردنی ستراتیژییەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرەکان بۆ بەکارهێنەران .

ئامانج لەم ڕاپۆرتە لەسەر ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەرچاوڕوونی و هۆشیار کردنەوەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر  کۆمەڵگا بە گشتی و ژیانی پیشەیی و کۆمەڵایەتی کەسی ئاڵوودە بوو بەتایبەتی، و پێدانی زانیاری لەسەر بەرنامەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها بەدواداچوونە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان، بەردەستخستنی داتا و زانیارییەکانی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و وڵاتان لەو بوارە.

## پێناسەی ماددەی هۆشبەر

مادەی هۆشبەر هەر شتێکە کە دەروون سەرلێشێواو یان بێهۆشی بکات و بیرکردنەوە و کەسایەتی تاک بگۆڕێت، وەرگێردراوی وشەی "Narcotic" ئیغریقییە و بە واتای "بێهۆشکردن" یان "لەهۆش خۆچوون" دێت، ئەمەش واتای ئەوەیە هۆشی مرۆڤ دەبرێت و لە حاڵەتی سروشتی خۆی دادەبڕێت،

لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و ژەهراویبوونی کۆئەندامی دەمار. جۆرەکانی دەشێت سروشتی بن، لە شێوەی گەڵا و گوڵ و ڕەگی دار، یان نیمچە دەستکرد بن و لە جۆرە سروشتیەکانەوە وەربگیردرێن، یان لە تاقیگەدا بە شێوەی حەب و دەرزی ئامادە دەکرێن، کە بریتین لە (تلیاک، مۆرفین، هیرۆیین، حەشیش، کراک، شیشە، پیسیدین، میسادۆن، بێنزۆدیازپین، ئەمفیتامینەکان، کۆکایین، بەنگ، هایدرۆکلۆریک و متادون).

ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان

لە نێوان ساڵانی (١٩١٢_١٩٨٨) نزیکەی ١٠ ڕێککەوتنامەی نیودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان لەسەرئاستی نێودەوڵەتی ئیمزا کراوە، لەوانە پرۆتۆکۆلی جنێف ١٩٣٦، پاریس ١٩٤٨ نیویۆرک ١٩٥٣، ١٩٦١ لە نیویۆرک، ڕێککەوتننامەی مادده دەروونییەکانی ساڵی ١٩٧١ لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڤیینا، ریککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٨٨ دیارترینیانن. ئەو رێککەوتنامانەش دەرەنجامی تەشەنەسەندنی بازرگانی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بازرگانی پێوەکردنی زیاتر دەبێت.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) رۆژی ٢٠٢٠/٩/٨ بڕیاری دا بە دەرکردنی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە دوای دەرچوونی یاساکە چەند هەنگاوێکی باش نراوە بۆ نموونە دانانی ماددەی (مێتامفتامین) لە خشتەی یەکەمی مادده هۆشبەرەکان لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٠ بەپێی فەرمانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٣) لە ٢٠٢٣/١/١٩ کە پێشتر بەکارهێنەری ئەم ماددەیە لە خشتەی شەشەم بوو ڕەوانەی دادگای کەتن دەکرا، بەڵام ئێستا هاتۆتە خشتەی یەکەم ڕەوانەی دادگای تاوانەکان دەکرێت.

دیارترین جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان

1. **کریستاڵ**: ماددەیەکی هۆشبەری بەهێزە کە کاریگەری زۆری جەستەیی و دەروونی بەجێ دەهێڵێت. ناوە زانستییەکەی بریتییە لە (دیمیتامفیتامین هایدرۆکلۆراید) کە بە ماددەی هۆشبەری (شیشە)ش ناسراوە، چونکە لە کریستاڵەکانی شووشەیی پەمەیی، شین یان سەوز دەچێت. بەهۆی بوونی ماددەی کیمیایی ژەهراوی، پرۆسەی دروستکردنی کریستاڵ مەترسیدارە و ئەگەری ڕوودانی تەقینەوەی زۆرە.

2. **هیرۆیین**: کە لە زانستی پزیشکیدا پێی دەوترێت (دیامۆرفین) یان (دیاسیتلمۆرفین) دەرمانێکە لە مۆرفین وەرگیراوە و زۆر زوو مرۆڤ ئالوودەی دەبێت، هەمیشە بە شێوەی تۆزێکی سپی و قاوەیی سووک یان تۆخ دەبینرێت. هیرۆیین کە بەهێزترین جۆری (ئۆپیۆیدە)، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کیمیایی ئاڵۆزەوە لە کۆدیین و مۆرفین بەرهەم دێت.

3. **حەشیش**: بریتییە لەو شیلەی کە لە گوڵ و گەڵا و قەدی ڕووەکی کانابیس(شاهدانە) بەدەست دێت. لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی حەشیش وەک:خەواڵوویی، نەبوونی پاڵنەر و گرنگی نەدان بە

بابەتەکان، لاوازی بیرەوەری کورتخایەن، کەمبوونەوەی تێگەیشتن، کەمبوونەوەی هێزی فێربوون، تەرکیزنەکردن، کەمبوونەوەی توانای ئەندامەکانی لەش، کەمبوونەوەی توانای گوێگرتن وبیرکردنەوە، قسەکردنی خاو و لە کۆتاییدا نیشاندانی ڕەفتاری مەترسیدار و شەڕانگێزانە.

4. **تلیاک**: بریتییە لە شیلەی وشککراوی گوڵی خەشخاش. نزیکەی 12%ی تلیاک لە مۆرفین پێکدێت، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کیمیاییەوە، مۆرفین دەگۆڕێت بۆ هێرۆین و ماددە ئۆپیۆیدەکانی تر بۆ بەکارهێنانی پزیشکی و بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

5. **ماریجوانا**: بەشێکە لە بنەماڵەی حەشیش و لە گەڵا وشککراوەکانی ڕووەکی شاهدانە بەدەست دێت. گوڵ، گراس، حەشیش و ماریجوانا لە گرنگترین وەرگیراوەکانی ڕووەکی کانابیس ساتیڤان. گوڵ لە ڕاستیدا ئەو جۆرە دەستکاریکراوەی ماریجوانایە کە لە لایەن بەشە جیاوازەکانی ڕووەکی شاهدانە بەدەست دێت.

6. **جامایکا**: دەرمانی جامایکا کە ناوە زانستییەکەی (بۆنزای)یە یەکێکە لە مەترسیدارترین و کوشندەترین ماددە هۆشبەرەکان، ئەم دەرمانە بە ناوی شیرین، مێگاسویت و بیگ بەنگ ناسراوە. جامایکا بە ئاسانی دروست دەکرێت و پێویستی بە تاقیگە و شوێنی تایبەت نییە. بێ ڕەنگ و بۆنە، هەروەها دەرکەوتنی ئەم دەرمانە بەشێوەی (حەب و کەپسول) وایکردووە خەڵک بە ئاسانی دەستیان پێ بگات.

7. **حەبە هۆشبەرەکان وەک**: ترامادۆڵ، میتادۆن، b2، موبیک، ئەلپرازولام، کلونازپام، دەرمانی سایکێدلیک (Psychedelic Drugs) کۆمەڵێک پێکهاتەی کیمیایین کە کاریگەرییان لەسەر مێشک و کۆئەندامی دەمار هەیە و لەبەر ئەوەی هۆشیاری و دەروونی مرۆڤ دەگۆڕێت، دەخرێنە پۆلی سایکۆئەکتیڤەکانەوە.

<u>ئەو ماددە هۆشبەرانەی کە لە هەرێم زیاتر بەکاردەهێنرێن</u>

- کریستاڵ(شیشە)، تلیاک، حەشیش، هیرۆین ئەو جۆرانەن کە زیاتر بڵاوبوونەتەوە.
- کریستاڵ زۆرتر لە جۆرەکانی تر بەکاردەهینرێت لەبەر هەرزانی نرخەکەی و ئاسانی دروستکردن و دەستکەوتنی وەک کە لێرەدا هاتووە:

| جۆر/ کگم | 2020 | 2021 | 2022 |
|---|---|---|---|
| هیرۆیین | 405.123 | 172.778 | 19 |
| کریستال | 52.541 | 96.141 | 101 |
| تلیاک | 86.532 | 73.786 | 89 |

## شێوازەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، شێوازی خواردنیان زۆرن و جۆراوجۆرن، هەندێکیان بە کێشانی یان لەگەڵ جگەرە وەک حەشیش و تلیاک دەخورێن یان لە شێوەی پارچەی بچووک کە بە سیلۆفان پێچراون لە بازاڕدا دەفرۆشرێن.

خێرایی کارکردنی مادده هۆشبەرەکان بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان کارا دەبێت بۆ نموونە:

- ⇐ خواردن: لە نێوان (20) بۆ (٣٠) خولەک
- ⇐ دەرزی لێدان لە ڕێگەی دەمار: لە نێوان (١٥) بۆ (٣٠) چرکە
- ⇐ دەرزی لێدان لە ڕێگەی ماسوولکە: لە نێوان (٣) بۆ (٥) خولەکدا
- ⇐ هەڵمژین: لە نێوان (٥) بۆ (٨) چرکە
- ⇐ ڕشتنی بۆ ناو چاوەکان: لە نێوان (٣) بۆ (٥) خولەکدا

## مادده هۆشبەرەکان لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە

هۆکارانەی کە وا لە ئەندامانی کۆمەڵگا دەکەن ڕوو لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بکەن، بریتین لە کێشەی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاڵوودەبووان و دواتریش زیان و کێشەی زۆری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ئەم خاڵانەی خوارەوە دیارترین ئەو هۆکارانەن کە مرۆڤەکان بەرەو ئاڵوودەبوون دەبات:

- ➢ هاوڕێیەتی خراپ و فشاری هاوتەمەنەکان: لەوانەیە مرۆڤ زۆرجار بەهۆی فشاری هاوڕێ و هاوتەمەنەکان ڕوو لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ گروپێکی دیاریکراوی هاوتەمەنی خۆیان بگونجێن.
- ➢ سترێس و دڵەڕاوکێ: زۆر جار تاکەکان ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان دەکەن وەک ڕێگەیەک بۆ رزگار بوون لە فشار، دڵەڕاوکێ وکێشە دەروونییەکان.
- ➢ ئارەزووی تاقیکردنەوە: ڕەنگە هەندێک کەس لەبەر ئارەزووکردن یان بۆ تاقیکردنەوە جۆری دەرمانەکان بەکاربهێنن.
- ➢ زەبر و زەنگ: ئەو کەسانەی تووشی زەبرو زەنگ یان ڕووداوە سەختەکانی ژیان بوون لەوانەیە ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان بکەن وەک ڕێگەیەک بۆ بێهێزکردنی هەستەکانیان یان ڕزگاربوون لە کێشەکانیان.
- ➢ کێشەی سۆزداری: ئەو کەسانەی کە لە ژیانی سۆزداری شکستیان هێناوە، بۆ ڕزگاربوون لە بیرو ئازارەکانی دابڕان ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان دەکەن.

## هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێم

1. **بە ڕێگای نایاسایی**: لە سنوورەکان ماددەی هۆشبەر و دەرمانی هۆشبەر دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان و ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم دەکرێت و بەشێکی تریشی لە ناوخۆدا ساغ دەکرێتەوە. بەپێی زانیاری دامودەزگا پەیوەندارەکان، لە باشوری عێراق ماددەی هۆشبەر بە ڕێگای وشکانی ڕەوانەی هەرێم کراوە.

2. **بە ڕێگای یاسایی**: لە ڕێگای کۆمپانیاکانی هاوردە کردنی دەرمانی پزیشکی، دەرمانی هۆشبەر، ئەوانیش لای خۆیانەوە بە شێوەی نایاسایی و بەبێ راچێتەی پزیشکی دەیفرۆشنە بازرگان و بەکارهێنەرەکانی مادده هۆشبەرەکان.

ناوچە کێشە لەسەرەکان هۆکارێکی دیکەن لە زیادبوونی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمدا بەتایبەتی کە لە ئێستادا ناسەقامگیری و بۆشایی ئەمنی و هەبوونی گروپە چەکداری بووەتە شوێنێکی گرنگ بۆ بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان و دەستکەوتنی قازانجی ماددی.

لەبەر هەبوونی زۆری ژمارەی خاڵ سنوری هاوبەش لەگەڵ وڵاتی ئێران کۆنترۆڵکردنیان ئەستەمە، گروپە چەکدارە ناعیراقییەکان یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی پەرەسەندی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانە، بەپێی بە دواداچوونەکانمان لە ناوچەی(سۆران) لە باشور و (شەمزینان) لە باکوری کوردستان و لە هەناردەکردنی بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵیان هەیە.

قاچاغچییەکان لە وڵاتانی دراوسێ هەوڵیانداوە هەرێمی کوردستان ماددەی هۆشبەر بۆ دوو مەبەست بەکاری دەهێنن یەکەمیان لە ڕێگای بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ دابەشکردن وترانزێتی ماددەی هۆشبەر، دووەمیان وەک سەرچاوەیەک بۆ فرۆشی ماددەی هۆشبەر و ئاڵوودەکردنی لاوان کە دەبێتە هۆێ دروستکردنی ئاژاوە و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێم. هەر ئەم هۆکارەشە کە وای کردووە ڕێژەی تووشبووان و ئاڵوودەبوان لە هەرێم ڕوو لەبەرزبوونەوە بێت.

<u>ئاماری تۆمەتبارانی دەستگیرکراوی مادده هۆشبەرەکان لە ماوەی ساڵانی پێشوو</u>

| ژمارەی دەستگیرکراوەکان | |
| --- | --- |
| ساڵی ٢٠١٩ | ١١٨٣ کەس |
| ساڵی ٢٠٢٠ | ١٣٩٥ کەس |
| ساڵی٢٠٢١ | ١٩٤٣ کەس |
| ساڵی ٢٠٢٢ | ٩٩٩ کەس |

<u>بڕ و جۆری ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بەپێی ساڵەکان ٢٠٢٠ – ٢٠٢٢</u>

<u>ساڵی ٢٠٢٠</u>

بڕی ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بڕی (٥٥٥) کیلوگرام و (٧٤٩) گرام بە شێوەیە:

- کریستاڵ (52.541) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (45.123) کیلۆگرام.
- جامایکا (1.719) کیلۆگرام.
- حەشیش (9.834) کیلۆگرام.
- تلیاک (86.532) کیلۆگرام.

سالی ٢٠٢١

بڕی ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بڕی (٩٢٧) کیلوگرام و (٢٢٩) گرام بە شێوەیە:

- کریستاڵ (96.141) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (172.788) کیلۆگرام.
- جامایکا (4.438) کیلۆگرام.
- حەشیش (14.562) کیلۆگرام.
- تلیاک (73.786) کیلۆگرام.
- ماریجوانا (3.024) کیلۆگرام.
- توتنی هیندی تۆباکۆ تێکەڵ بە حەشیش (652.5) کیلۆگرام.

سالی ٢٠٢٢

بڕی (١٢٠٦) کیلوگرام، (٨٧٠) گرام، (١٦٤٢) شیت، (٦٦) پاکێت بەم شێوەیە:

- کریستاڵ (١٠١) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (١٩) کیلۆگرام.
- حەشیش (١١) کیلۆگرام.
- تلیاک (٨٩) کیلۆگرام.
- تۆی شادان (٤٩) کیلۆگرام.
- حەبی کاپتاگۆن (٣٦٧) کیلۆگرام.
- حەبی مێتامێفتامین و ئەمێفتامین (٥٧٠) کیلۆگرام.
- جامایکا، (٧٩) گرام.
- ماریجوانا (٤٨٥) گرام.
- کیتامین (١٧) گرام.
- گراس (٢٢٥) گرام.
- شادانه (٦٤) گرام.
- حەبی ترامادۆڵ (٧٧٧) شیت.
- حەبی میتادۆن (١٦٣) شیت.
- حەبی B2 (٧١ شیت).
- حەبی ئەلپرازولام (٧) شیت.
- حەبی کلونازپام (٣١) شیت.
- حەبی دیازپام (٤) شیت.
- حەبی هۆشبەری جۆراوجۆر (٥٨٩) شیت.
- حەبی مۆبیک (١٦) پاکێت.
- دەرزی هۆشبەر (٥٠) پاکێت.

سالی ٢٠٢٣

- کریستاڵ (٧٩،١٢٣) کیلۆگرام
- هیرۆیین (١٣٠،٦٥٧) کیلۆگرام
- حەبی کاپتاگۆن (١٤٢٢،٥٧٥) کیلۆگرام
- تلیاک (٤،٦٠٠) کیلۆگرام
- ماریجوانا (٣٩) کیلۆگرام

- ترامادۆل، تریفین،میتادۆن (٣٩٤٩) کیلۆگرام
- تۆباکۆی هیندی(١٣) گرام
- کۆی گشتی (٢٢٥،٤٧٥) کیلۆگرام
- جۆری دەرمانی پزیشکی هۆشبەر
- حەبی کاپتاگۆن (١٣٧٢،٥٧٥) کیلۆگرام
- حەبی لکزز (50) کیلۆگرام
- حەبی  ترامادۆڵ (٢٨٠٩) شیت
- حەبی  کلونازپام (٢) شیت و (١) دانە
- حەبی ئەلپرازولام (٧٢) شیت و (٩) دانە
- حەبی ئەنترۆستۆب (١٤) شیت و (٦) دانە
- حەبی تریفین (١١) شیت
- حەبی دیازپام (١) شیت و (٤) دانە
- حەبی میتادۆن  (٣٨) شیت و (٥) دانە
- کۆی گشتی (١٤٢٢،٥٧٥) کیلۆگرام و (٣٩٤٩) شیت

<u>ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بۆ ساڵی  ٢٠٢٢ بەم شێوەیە بوو:</u>

- (٥٪) ئافرەتن.
- (١٥٪) خوار تەمەنی ٢٥ساڵ.
- (٨٠٪) سەرووی تەمەنی ٢٥ ساڵ.

<u>ئاماری ئاسایشی گشتی لە کانونی دووەمی تا نیسانی ٢٠٢٣</u>

ئەو تۆمەتبارانەی بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ تا ٢٠٢٣/١٢/١ دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا (١٠٠٨) تۆمەتبارن.

کۆی گشتی تۆمەتبار ی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە سلێمانی، ڕاپەڕین، گەرمیان و شارەزوور (٦٥٣) تۆمەتبار.

کۆی گشتی  تۆمەتبار بە کڕین و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر لە سلێمانی، ڕاپەڕین، گەرمیان و شارەزوور (٣٥٤) تۆمەتبار.

کۆی گشتی  تۆمەتبار بە بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە سلێمانی، ڕاپەڕین، گەرمیان و شارەزوور (٨٤) تۆمەتبار.

کۆی گشتی ئەو ماددەی هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە لە سلێمانی، ڕاپەڕین، گەرمیان و شارەزوور (٢١٤،٦٠٩،٠٦٣) کیلۆگرام.

کۆی گشتی حەبی هۆشبەر و کارتێکەری عەقڵی دەست بەسەرداگیراو (٢،٥٥٦) کیلۆگرم و (٢٦٠) شیت .

کۆبونەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت قەڵاچۆکردنی  ماددە هۆشبەرەکان پاش کۆنفرانسی ماددە هۆشبەر و
کارتێکەرە ئەقڵییەکان.

بڕی ئەو ماددە هۆشبەرانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەستی بەسەرداگیراوە (٤١،١٣٣) کیلۆگرام، دەرمانی پزیشکی هۆشبەر (٦٧٩،٣٥) حەبی فەل (٢٧١٦) شیت و (٥) دانە حەب. (١٢٨) بوتڵی گازی ساردکردنەوە کە بڕەکەی (٦٢١) کیلۆگرام و تێیدا (٧٥٪) ماددەی (کریستاڵ) تێکەڵ بە ماددەیەکی تری شل کراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/١ توانرا (٣) بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر بکرێن لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئەم (٣) تۆمەتبارە ئەندامی باندێکی نیودەوڵەتی ماددەی هۆشبەرن و زانیاری تەواویان لەسەر چەند کۆگایەکی ماددەی هۆشبەر هەیە لەناو عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

ئاماری ڕاگیراوی دەزگای ئاسایش و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لە کانوونی دووەم تا ئابی ٢٠٢٣

| لایەن | ژمارەی تۆمەتباران | بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر | بازرگانی ماددەی هۆشبەر | جیاوازی تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی ڕاپەڕین | ١٥٣ | ٩٢ | ٦١ | ١٩٧١ تا ٢٠١٣ |
| ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی | ٦٢ | ٤٦ | ١٦ | ١٩٧٩ تا ٢٠٠٣ |
| ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر | ٣٥ | ٣٢ | ٣ | ١٩٧٢تا٢٠٠٣ |
| ئاسایشی گەرمیان | ٧٦ | ٦٥ | ١١ | ١٨ ساڵ و سەرووتر |
| ئاسایشی شارەزوور | ٤٦ | ٣٢ | ١٤ | ١٩٧١ تا ٢٠١٣ |
| ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی | ٢٣٦ | ٢٠٢ | ٣٤ | ١٨ ساڵ و سەرتر |
| دەزگای ئاسایش | ٣١ | ٧ | ٢٤ | ١٩٧١ تا ٢٠٠١ |

ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون لە مانگی کانوونی دووەمی تا کۆتایی ئابی ٢٠٢٣

- (600) تۆمەتبار کڕین و فرۆشتنیان بە ماددە هۆشبەرەکان کردووە.
- (٦١٥) تاوانبار لەلایەن دادگا سزادراون.
- (٢٧٦) تۆمەتبار لەلایەن دادگا ئازاد کراون.
- (487) تۆمەتبار لەلایەن دادگا بە کەفالەت ئازاد کراون.

بڕی ماددە هۆشبەرەکان کە دەستیان بەسەردا گیراوە لە مانگی کانوونی دووەم تا کۆتایی ئابی ٢٠٢٣

- (٤٨٥،٠٦٢،٤٠٥) چوار سەد و هەشتا و پێنج کیلۆ، شەست و دوو گرام، چوارسەد و پێنج ملیگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەر داگیراوە لە دەزگای ئاسایشی هەولێر و سلێمانی.
- (١٤٢٢،٥٧٥) هەزار و چوارسەد و بیست و دوو کیلۆ و پێنج سەد و حەفتا و پێنج گرام حەبی فەل دەرمانی پزیشکی هۆشبەر لە جۆرەکانی (کاپتاگۆن و لکزز)، هەروەها (٣٩٤٩) شیت حەبی هۆشبەر

له جۆرەکانی ترامادۆل و تریڤین و سومادریل و میتادۆن و کلونازپام و دیازپام و ئەلپرازولام و B2دەستی بەسەر داگیراوە لە لایەن دەزگای ئاسایشی هەولێر.

<u>ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بۆ ساڵی ٢٠٢٢، بەم شێوەیە:</u>

- (٥٪) ئافرەتن.
- (١٥٪) خوار تەمەنی ٢٥ساڵ.
- (٨٠٪) سەرووی تەمەنی ٢٥ ساڵ.

<u>بەراوردکردنی ڕێژەی کەم و زیاد کردنی داواکاری لەسەرجۆری ماددەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣</u>

ئەگەر بمانەوێت بەراوردی بەشێک لە جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان بکەین کە گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە لە نێوان ساڵانی ڕابردوودا بۆ نموونە هیرۆیین لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی (405.123) چوارسەد و پێنج کیلۆ و سەد و بیست و سێ گرام، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ بڕی (172.778) سەد و حەفتاو دوو کیلۆ و حەوت سەد و حەفتاو هەشت کیلۆ بووە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕە کە بۆ تەنها (١٩) نۆزدە کیلۆ کەمی کردووە.

ماددەی هۆشبەری جۆری کریستال لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی (52.541) پەنجاو دوو کیلۆ و پێنج سەدو چل و یەک گرام، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ بڕی (96.141) نەوەد و شەش کیلۆ و سەد و چل و یەک گرام بووە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕەکە بۆ (١٠١) سەد و یەک کیلۆ زیادی کردووە. مادده هۆشبەری جۆری تلیاک لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی (86.532) هەشتا و شەش کیلۆ و پێنج سەدو سی و دوو گرام، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ بڕی (73.786) حەفتا و سێ کیلۆ و حەفت سەد و هەشتا و شەش گرام بووە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕە کە بۆ (٨٩) هەشتا و نۆ کیلۆ زیادی کردووە.

واتە بەپێی داتاکان باوترین جۆری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان کە داواکاری زیاتری لەسەرە کریستاڵە هەروەها زۆرترین بڕی ماددەی هۆشبەر کە دەستی بەسەرداگیرابێت (٥٠٠) کیلۆ ماددەی کریستاڵ بووە.

<u>تێچووی سزادراو و ڕاگیراوانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا</u>

- لە چاکسازی گەوران شوێنی (١٠٠) کەس و لە چاکسازی نەوجەوانان شوێنی (٥٠) کەسی سزادراو بە ماددەی هۆشبەر ئامادەکراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.
- ڕۆژانەی تێچووی دەستگیرکردنی یەک کەس بە ماددەی هۆشبەر بریتییە لە (٣٥) دۆلار، تا ئێستا بڕی (١٩٨) ملیۆن دۆلار تێچووی دەستگیرکردنی بازرگانان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکانە.

ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون

- کۆی گشتی بازرگان و ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە ساڵی ٢٠٢٢ کە دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا (٢١٩٢) تۆمەتبارن.
- لە کۆی دەستگیرکراوان (٣٠٤) تۆمەتبار بازرگانی ماددەی هۆشبەرن.
- ئەو تۆمەتبارانەی کە لەلایەن دادگا سزادراون ژمارەیان (١٣٦٦) تۆمەتبارن.
- ئەو تۆمەتبارانەی کە بە دەستەبەری ئازادکراون لە لایەن دادگاوە ژمارەیان (٥٥٣) تۆمەتبارن.
- ئەو تۆمەتبارانەی کە لە دوای تەواوکردنی سزای یاساییان لەلایەن دادگاوە ئازادکراون ژمارەیان (٤٧٤) تۆمەتبارن.
- ئەو تۆمەتبارانەی کە دیپۆرتکراون ژمارەیان (١٦٣)تۆمەتبارن.
- ژمارەی تۆمەتبارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان (٨٢) تۆمەتبارن، (٣٠) تۆمەتباریان بازرگانن و (٥٢) تۆمەتباریش بەکارهێنەرن.
- لە چاکسازییەکان تا رۆژی ( ٢٠٢٢/١٠/١٨) ئەوانەی بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەرەوە سزادراون ژمارەیان (٩٨٥) کەس بووە، لەوانە (٧٠٨) پیاو (٢٧) ژن و (٢٣١) بازرگان.
- ژمارەی ئەو باندانەی کە دەستگیرکراون (١٠٧) باندن.
- هیچ زانیاریەک تۆمار نەکراوە سەبارەت بەوەی کە ئایا تا ئێستا بەرپرسی باڵا و کەسانی دیاری ناو کۆمەڵگا تێوەگلاون لە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر.
- داتاو زانیاری توندوتیژی کە لە ئەنجامی ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە ڕوویداوە،(٣٠٠٠) توندوتێژی هەبووە لە ئەنجامی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر بۆ نموونە چەندین کارمەند و ئەفسەرمان برینداربوونە و ئاڵوودەبووان توندوتیژیان بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکانیان کردووە.
- کۆی گشتی ئەو بڕە ماددە هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە (٢٣٢،٤٩٣،٥) کیلۆگرام.
- کۆی گشتی بڕی دەرمانی پزیشکی هۆشبەری دەست بەسەرداگیراو(٩٣٧،٢٥٠) کیلۆگرام حەبی فەلی هۆشبەر و (١٦٥٧) شیت و (٥) دانە حەب.

نرخی ماددەی هۆشبەر و دەرمانە کارتێکەرە عەقڵیەکان بۆ هەر گرامێک لە هەرێمی کوردستان

| نرخی ماددە هۆشبەرەکان بە گرام | |
|---|---|
| ماددە | نرخ بە دینار |
| کریستاڵ | 20.000_40.000 |
| هیرۆیین | 100.000_110.000 |
| حەشیش | 10.000_20.000 |
| ماریجوانا | 80.000_75.000 |
| جامایکا | 70.000_75.000 |
| حەبی ترامادۆڵ | 10.000_12.000 |
| حەبی مێتادۆن | 8.000_6.000 |

ڕێکارەکان و چۆنیەتی لە ناوبردنی ئەو بڕە ماددە هۆشبەرانەی کە دەستی بەسەردادەگیرێت

- ئەو بڕە ماددە هۆشبەرانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت کاتێک کەیسەکانیان لە دادگا یەکلا دەکرێتەوە لێژنەیەکی باڵا لە دادگا، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان و چەند لایەنێکی تری پەیوەندیدار بە ئاگاداری و ئامادەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناودەبرێن و دەسوتێنرێن.
- لە بەڕێوەبەرایەتی ماددە هۆشبەرەکان هۆبەیەک کراوەتەوە بە ناوی هۆبەی کۆمپانیا و دەروازەکان کە ڕێوشوێنی گرنگی گرتۆتەبەر ئەمەش کاریگەری هەبووە و لەم دواییەدا لە فرۆکەخانە هیچ بڕە ماددەیەک دەستی بەسەردا نەگیراوە، هەروەها حکومەت بە نیازە هەمان میکانیزم لە دەروازە سنوورییەکانی تر بگرێتەبەر.
- بەکارهێنانی سەگی ڕاهێنراو لە فرۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکان.
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان لە شوێنە گشتییەکان وەک قوتابخانەکان و گرتووخانەکان و ئاگادار کردنەوە لە مەترسییەکان و زیانەکانی ماددەی هۆشبەر و ڕێوشوێنی توند گیراوەتەبەر بە پێکهێنانی تیمی چاودێری بەتایبەت لە کافتریا و ڕێستورانتەکان کە جێگای گومانن.
- لەم دواییانەش دەست گیراوە بە سەر کێڵگەیەکی ماددەی هۆشبەر لە سنووری پارێزگای هەولێر.

ڕۆڵی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم

- داوا لە ئاژانسەکانی یوئین و کونسوڵخانەکان کرا بۆ دروستکردنی سەنتەری چاکسازیی قوربانیانی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگاکان، خولی هۆشیارکردنەوە لە ئاستی باڵا بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی چاکسازییەکان بکرێتەوە، دەرمان و کەلوپەلی پێویست دابین بکرێت بۆ یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی بەکارهێنەران، دابینکردنی تاقیگە و کەلوپەلی پێشکەوتووی پێویست و شوێنی تایبەتی گونجاو بۆ پشکنینی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها سەگی پۆلیس تایبەت و ئامێری

پشکنینی خێرای ماده هۆشبەرەکان (سکانر) بۆ پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان دابین بکرێت، بەڵام تا ئێستا لە هیچ لایەنێک وڵامێکی ئەرێنی نەبووە.

- لە درێژەی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کونسوڵخانەی بەریتانیا و بە ئامادەبوونی درێک ئاپتۆن بەرپرسی پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری دەزگای تاوانی نیشتیمانی، چەند پێشنیار و بەڵێنێک خرانە ڕوو:
  - چەند ئەکادیمیستێکی شارەزا لە بواری مادده هۆشبەرەکاندا هەیە بە ئێمە بناسێنێت لە (ڕێکخراوی نیوڵاین ئەنیستیوت).
  - لە پەیوەندیداین لەگەڵ چەند بەرپرسێکی شارەزا کە دەتوانن لە ڕووی ڕاهێنانی شیکارییەوە هاوکارمان بن.
  - لە ئێستادا ناوبراو لە هەوڵی ئەوەدایە سەردانێک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم ڕێکبخات تا لە نزیکەوە ئاگاداری ستراتیژ و پلان و ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان بین لە وڵاتی بەریتانیا و بتوانین سوود لە ئەزمونەکانیان وەربگرین لە بەرەنگاردبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچەکەدا.

لە رێکەوتی ٢٦ی شوباتی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی تایبەت بە کاری هاوبەش ئەنجامدا لەم کۆبوونەوەیە هەر یەکە لە عەلی ئەلبەریر سەرۆکی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوانی ڕێکخراو (UNODC) لە هەولێر، ئاژانسەکان نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکان، نوێنەرانی وڵاتانی کۆمەک بەخش، کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەولێر، پەرلەمانی کوردستان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و داواکاری گشتی ئامادەبوون.

تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، و ڕۆڵی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

لە میانەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥) بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن زنجیرەیەک وۆرکشۆپی تایبەت بە بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەرانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان لە حکومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێن لە بارەی ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان و تەشەنەکردنی خێرای بە کارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەتایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە. لەم وۆرکشۆپانە (٢٠٠) بەشداربوو لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن (١٢٠) لە هەولێر، (٤٠) سلێمانی و (٤٠) دهۆک و ماوەی دوو مانگ دەخایەنێت.

<u>سەنتەری شیاندنەوەو چارەسەری تووشبووانی ماددەی هۆشبەر</u>

دوای کارابوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان پێکهێنانی لێژنەی باڵا، بڕیاردرا کار بۆ کردنەوەی سەنتەری شیاندنەوەو چارەسەر بۆ توشبووانی ماددەی هۆشبەر بکرێت.

پاش ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە کردنەوەی سەنتەری شیاندنەوە و چارەسەری بۆ ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، بڕیاردرا بە بەکرێگرتنی شوێنێک بۆ ئەو مەبەستە، لێژنەکە سەردانی شەقڵاوەیان کردووە کە دوو بینای قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە تەنیشت یەکترییەوە لەگەڵ بنکەیەکی تەندروستی لە جۆری (ئەی) لە نزیکی یەکتر، ئەم دوو قوتابخانەیە و دەوڵەتی ئیمارات تێچووی نۆژەنکردنەوەیان لە ئەستۆ دەگرێت، بە فەرمانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە

(٤٧٥٨) لە ٢٠٢٣/٧/٩ لێژنەیەک پێکهاتووە بۆ هەڵسەنگاندنی شوێنەکە و ڕاپۆرتیان پێشکەش بە بەڕێزان وەزیری تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە کە شوێنەکە شیاوە وداوا لە کونسوڵی دەوڵەتی ئیمارات کرا کە بیناکان نۆژەن بکرێنەوە.

هۆشیار کردنەوە لە مادده هۆشبەرەکان

- ➢ بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک (٦٠٠) مزگەوت وتاری مامۆستایانی ئایینی تەرخانکرا بوو بۆ باسکردنی زیانی مادده هۆشبەرەکان و رێکارەکانی خۆپارێزی.
- ➢ وەزارەتی پەروەردە لە ساڵنامەی خوێندنی هەر وەرزێک، دوو رۆژ تەرخانکراوە لەلایەن کارگێری و ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە بابەتەکانی: کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیان، مافەکانی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.
- ➢ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توژینەوەی زانستی زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ نمایش دەکات لەڕێگەی چالاکی و پێشبڕکێی هەڵواسینی پۆستەر.

ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان

ڕێنمایی ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ڕێنمایی دارایی:

بەپێی ماددەی (٤٥) لە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٠ و کۆنووسی لێژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

- سندوقێک دادەمەزرێت بە ناوی سندوقی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان پارەدار دەکرێت لەو پێبژاردانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە و لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سندوقە سپاردە دەکرێت.
- ئەو بڕە پارانەی کە لە ناو ئەم سندوقەی بڕگەی یەکەم هاتووە سپاردەکراوە بۆ پارەدارکردن و خەرجکردنی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨)ی ئەم یاسایەدا هاتووە نابێ بۆ هیچ مەبەستێکی تر خەرج بکرێت.
- لێژنەی باڵای پێکهاتوو، بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە لە ئەستۆ دەگرێت و ئەم سندوقە لەلایەن ستافێکی (کارگێڕی + ژمێریاری + ئەمین سندوق + ووردبین+یاسایی) کە لەلایەن لێژنەی باڵا دەستنیشان دەکرێن کاری کارگێڕی و
دارایی سندوق بەڕێوە دەبن.
- ئەو بڕە پارانەی کە بەپێی یاسا وەردەگیرێت داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم و گەنجینەی پەیوەندیدار ڕاستەوخۆ بڕی دیاری کراو دەخرێتە سەر ئەژماری سندوقەکە.
- بۆ خەرجکردنی هەر بڕە پارەیەک لەم سندوقە بە ماددەی (٤٢) شەوە لێژنەی باڵا دەسەڵاتی هەیە بۆ خەرجکردن بۆ مەبەستەکانی هاتوو بەپێی یاسای سەرەوە.
- بەپێی ماددەی (٤٢) لە یاسای ئاماژە پێکراو لێژنەی باڵا دەسەڵاتی خەرجکردنی بڕی (1.000.000) تەنها یەک ملیۆن دیناری دەبێت بۆ ئەو لایەنەی کە مادده هۆشبەرەکە دەستگیر دەکات.

- سندوقەکە هەژمارێکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە لە ڕێگەی وەزارەتمان / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / جوڵەی دراو پەیڕەوی سیستەمی ژمێریاری نامەڵبەندی بکرێت، و لێژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ ئیدارەدانی سندوق یاخود بەڕێوەبردنی سندوق کە نابێ کەمتر بێت لە (٣) کەس بۆ جوڵاندنی هەژماری سندوقەکە پاش ڕەزامەندی لێژنەی باڵا.
- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

<u>ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١ – ٢٠٢٥)</u>

لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ، ژمارەیەک ڕاسپاردە ئاڕاستەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان کراوە سەبارەت بە هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، ڕاسپاردەکانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

1. زامنکردنی جێبەجێکردنی کارای پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە نەهیشتنی مادده هۆشبەرەکان.
2. دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاسای بەرکار لە هەرێمدا .
3. توندکردنی چاودێری لەسەر بە قاچاغبردنی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمدا .
4. گرتنەبەری سزای قورس دەرهەق بە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە.
5. هەماهەنگی کردن لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە تاوان و مادده هۆشبەرەکان .
6. دامەزراندنی سەنتەرە تەندروستییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووەکان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بۆ دووبارە شیاندنەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگە .
7. دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مەترسی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان .
8. پەرەپێدانی دامەزراوەکانی تایبەت بە نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
9. جیاکردنەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە بەکارهێنەران و ئاڵوودەبووان لە چاکسازییەکاندا .
10. دروستکردنی دامەزراوەکان لە نێو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ زامنکردنی ئەحکامەکانی یاسا .
11. گرتنەبەری ڕێککارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان .
12. دیاریکردنی ڕێککاری تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکان و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقڵییەکان لەلایەن دەرمانسازەکانەوە .
13. پێویستە وەك نەخۆش مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری دەروونی و پزیشکییان بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان .
14. نابێت وەك زیندانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەران و ئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکاندا بکرێت .
15. دووبارە ئامادەکردنەوە و ڕاهێنانی پزیشك و دەرمانساز و فەرمانبەران و هاندانیان لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووان و گەڕاندنەوەی توانای تەواوی تەندروستییان لەڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە .

16. تێکهەڵکێشکردنی پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا .
17. پەرەپێدانی پلانی خۆپارێزی بۆ لایەنە جیاوازەکان .
18. پەرەپێدانی پلانەکانی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنەوە.
19. پاڵپشتیکردنی ئەو کەسانەی گرنگی بە بابەتی مادده هۆشبەرەکان دەدان بەتایبەتی لە بواری ئەنجامدانی دیراسەت و توێژینەوەی زانستی.

راسپاردە جێبەجێکراوەکانی تایبەت بە پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

- ئەوەی پەیوەست بێت بە دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکە لە هەرێمدا، ئەوا لە هەرێمی کوردستان یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٢٠ی دەرچووە و لیژنەیەکی باڵاش پێکهێنرا بۆ خۆپارێزی لە مادده هۆشبەرەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی مادده هۆشبەرەکانەوە.
- بۆ دامەزراندنی سەنتەری تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، ئەوا وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا کار دەکات بۆ دامەزراندنی شوێنی تایبەت بە چارەسەرکردنی بەکارهێنەران وئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان.

ڕێکاری پێویست بۆ خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١ – ٢٠٢٥)

لە میانەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە دوای ژمارەیەک لە ورکشۆپ ڕێکاری تایبەت ئامادە کراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنیان، بەشێک لە ڕێکارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ژمارەیەک دام و دەزگای هەرێم ئەنجام دەدرێن، ڕێکارەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن:

1) پەرلەمان

- ⇐ هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠٢٠) بەتایبەتی سزای بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، پێداچوونەوە بەحوکمەکانی نێو یاساکە تا ناکۆک نەبێت لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕێکخستنەوەی خشتەکانی نێو یاساکە.
- ⇐ پێویستە سزاکانی بەکارهێنان و بازرگانی کردنی مادده هۆشبەرەکان پۆلین بکرێن.
- ⇐ دانانی پرۆژە یاسایەك بۆ ڕەوانەکردنی ئەو دەرمانانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت و ناردنیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

2) ئەنجومەنی دادوەری

⇐ گرتنەبەری سزای قورس دەرهەق بە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە و پێویستە حوکمەکان بەپێی جۆری ماددەکان بێت، بۆ نموونە کریستال کە مەترسیدارترین ماددەیە لە پلەی (٦) دایە و سزای بەکارهێنانی تەنیا (٥) پێنچ ساڵە کەچی هیرۆیین و کۆکایین سزاکەیان (١٦) شازدە ساڵە.
⇐ پێویستە دادوەری تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان هەبێت و زوو نەگۆڕێن، هەروەها خولی زیاتریان بۆ بکرێتەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کەیسەکان و دۆخی دەروونی تاوانباران.
⇐ سزای بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان توندتر بکرێت.
⇐ ژمارەی لێکۆڵەران لە کەیسەکانی مادده هۆشبەرەکان زیاد بکرێن، بۆ ئەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنی تۆمەتبار تێپەڕ نەکات لە ماوەی دیاریکراو لە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراو.
⇐ گرتنەبەری ڕێکاری دەستبەجێ و پێویست بۆ برەودان بە توانای بەڕێوەبردنی پزیشکی دادی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا.
⇐ دابینکردنی مەشق و ڕاهێنان بۆ دادوەر و لێکۆڵەرانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بونیادنانی تواناکانیان بەتایبەتی لە بابەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئالوودەبووان کە دەبێ وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەک تاوانبار.

3) وەزارەتی تەندروستی

⇐ دانانی ڕێنمایی لەبارەی سەرفکردنی دەرمان و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی فیدراڵی و سەندیکای دەرمانسازان و پزیشکان بۆ ئەم مەبەستە.
⇐ دیاریکردنی ڕێککاری تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکان بۆ ڕێگەگرتن لە فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقڵییەکان لەلایەن دەرمانسازەکانەوە.
⇐ دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی پێویست بۆ دەرمانسازان بۆ دیاریکردنی ئەو ماددانەی دەبنە هۆی ئالوودەبوون.
⇐ دامەزراندنی سەنتەرە تەندروستییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووەکان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
⇐ چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبووان دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە شیاندنەوەیان لەناو کومەڵگا.
⇐ دووبارە ئامادەکردنەوە و ڕاهێنانی پزیشك و دەرمانساز و کارمەندانی تەندروستی و هاندانیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و گەڕاندنەوەی توانای تەواوی تەندروستییان لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە.
⇐ دەستەبەرکردنی ڕۆشنبیری تەندروستی لەسەر ئاستی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ زیادکردنی هۆشیاری گشتی بە مەترسییەکانی ئەو ماددانەی دەبنەهۆی ئالوودەبوون.
⇐ ئامادەکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی دامەزراوە تەندروستییەکانی تایبەت بە دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی.

4) وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

⇐ جیاکردنەوەی بازرگانان و قوربانییەکانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا.
⇐ دووبارە شیاندنەوەی قوربانیان و دابینکردنی شوێنی گونجاوی جیا بۆ بەکارهێنەر و سزاداراوان.

⇐ لە چاکسازییەکان پێداویستی و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تایبەتی بەکارهێنەران لەبەرچاو بگیرێت.
⇐ سوود لەو کەسانە وەربگیرێت کە لە ئاڵوودەبوون چارەسەرکراون بۆ باسکردنی ئەزموونەکەیان لە تووشبوونەوە تاکو چارەسەرکردن بۆ ئاشنابوونی گەنجان بە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر.
⇐ کردنەوەی خولی هۆشیارکردنەوە لە ئاستی بەرز بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە چاکسازییەکان.

5) <u>دەزگای ئاسایش</u>

⇐ کارکردن لەسەر پتەوکردنی ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی لە ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و بەرەنگاربوونەوەی لە هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکییەدا دەبینێتەوە ئەوانیش: ڕێگاگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان، چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووان بە دامەزراندنی سەنتەری چارەسەرکردن.
⇐ داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە دەزگای ئاسایش، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی یاسای تایبەت بەم بوارە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ماددەکانی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
⇐ ڕێوشوێنەکان لە دەروازە سنوورییەکان توندتر بکرێن و هێزە ئەمنییەکانی ئەم دەروازانە هەماهەنگی بەردەوامیان هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان.
⇐ کەیسی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە سێ توخمی سەرەکی پێکدێت کە پێکەوە گرێدراون ئەوانیش بریتین لە فرۆشیار، کڕیار و بەرهەمهێنەر ئەم سێ تۆخمە گرووپێکی مافیایی پێکدێنن بۆیە پێویستە هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنیان چڕتر بکرێنەوە.
⇐ دەستەبەرکردنی ژمارەی پێویستی دەرمانسازان لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بۆ دیاریکردنی ئەو ماددانەی دەبنە هۆی ئاڵوودەبوون.
⇐ هەماهەنگی زیاتر لە نێوان کۆلێژەکانی یاسا و دەزگا ئەمنییەکان هەبێت بۆ کردنەوەی خولی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەی هۆشبەر بۆ قوتابیان.

6) <u>وەزارەتی ناوخۆ</u>

⇐ لەڕووی لۆجستییەوە، پێویستە دەزگا ئەمنییەکان هەماهەنگی زیاتریان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان و پەرەپێدان بە دامەزراوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
⇐ چڕتر کردنەوەی هەوڵەکانی پاراستنی ئەفسەر و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان کە مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان دەکەن و لەم ڕووەوە ژمارەکیان بوونەتە قوربانی.
⇐ دابینکردنی تاقیگە و کەلوپەلی پێشکەوتووی پێویست و شوێنی گونجاو بۆ پشکنینی ماددە هۆشبەرەکان.
⇐ پێویستە سەگی پۆلیسی تایبەت و ئامێری پشکنینی خێرای ماددە هۆشبەرەکان (سکانر) بۆ پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان دابین بکرێت.
⇐ ئەنجامدانی خولی پێویست بۆ کارمەندانی وەزارەت سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان.

7) <u>وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان</u>

- ⇐ دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مەترسی و لێکەوتەکانی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی  مادده هۆشبەرەکان.
- ⇐ ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەرفراوان لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێندراو) سەبارەت بە زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی.
- ⇐ هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان چڕتر بکرێنەوە بە هەماهەنگی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگییان دەبێت.
- ⇐ کارکردنی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و لاوان لە زیانەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.
- ⇐ هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، فەرمانگە، دەستە، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان بە ئەنجامدانی کۆڕ، سیمینار، و توێژینەوەی زانستی دەربارەی ماددەی هۆشبەر.

8) <u>وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی</u>

- ⇐ پێویستە خولی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی بکرێتەوە بۆ باسکردنی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و کاریگەریی لەسەر تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، تا هۆشیاری لە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر بڵاوبکەنەوە.

9) <u>وەزارەتی پەروەردە</u>

- ⇐ ڕێکخستنی خولی جیاواز بۆ هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و مامۆستایان و بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران لەبارەی ئەو یاسایانەی لەم بوارەدا دەرچوونە و لەبارەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە ڕێی قوتابخانەکانەوە.
- ⇐ تێکهەڵکێشکردنی پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

10) <u>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی</u>

- ⇐ ئاسانکاریکردن بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ دیراسات و توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەبارەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە دەرکردنی ڕێنمایی پێویست.
- ⇐ تێکهەڵکێشکردنی بابەتی کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر حاڵەتی دەروونی لە بەشەکانی پزیشك، دەرمانسازی، و کۆمەڵناسی.
- ⇐ لە قوتابخانە، پەیمانگا و زانکۆکان وشیاری زیاتر بڵاوبکرێتەوە و بابەتەکە بخرێتە نێو مەنهەجەکانی خوێندن بەتایبەتی لە کۆلێژەکانی یاسا بکرێتە بابەتێکی سەرەکی.
- ⇐ کردنەوەی بەشی تایبەتمەند لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا کە تایبەت بێت بە پزیشکی دەروونی و ئاڵوودەبوون.

11) <u>وەزارەتی دارایی و ئابووری</u>

- ⇐ تەرخانکردنی (سندوقی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان) لەو پارەی کە دەستی بەسەردا گیراوە لەم تاوانەدا، غەرامەکردنی سزای تاوانبارانی مادده

هۆشبەرەکان کە لە یاساکاندا دیاریکراوە، ئەم یارمەتییانەی کە لەلایەن بەخشەرەکانەوە ناوخۆیی یاخود نێودەوڵەتی دابیندەکرێت بۆ ئامادەکردنی سەنتەرەکانی شیاندنەوە، دابینکردنی ئامێری پزیشکی پێشکەوتوو و کەلوپەلی پێویست بۆ سەنتەرەکان.

**تێبینی:** ئەم راپۆرتە پێداچوونەوەی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەر عەقڵییەکان کە بە راسپاردەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران دامەزراوە و پێکهاتووە لە نوێنەرانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی تاوانی رێکخراو لە وەزارەتی ناوخۆ و بڕیاردەری لیژنەی باڵای نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە وەزارەتی تەندروستی.